کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:30 21-8-2007

## ئەمەریکای وڵاتە ئازادە داگیرکەرەکەی عێراق) و دەوڵەتی کوردی! ... ئارێز سمکۆ حوسێن

سەرەتا تکا دەکەم گەربڕوات بەبیروبۆچونی دژبەخۆت نیە، یاباوەڕت بەئازادی بیروڕادەربڕین نییە، ئەوەلەئێستاوەدەست لەخوێندنەوەی ئەم بابەتەووەگشت نووسینەکانی بنووسی ئەم دێرانە هەڵگرە، ئاخرمن ئازادم، ڕەنگە تۆکۆیلەی ئەم وئەوبیت، من جیالەتۆبیردەکەمەوە، من پەیامێکی ئینسانیانەم پێیە، کەچی ڕەنگەتۆبێ بەرنامەوبێ پەیام بیت، من نووسینم نەکردۆتە پیشەیەك بۆ پارە، کەچی تۆ ڕەنگە بۆپارە هەموو شتێك بکەیت، من بەرەو حەقیقەت هەنگاو دەنێم، کەچی تۆ نەك هەرە بەرەو حەقیقەت هەنگاو نانێیت، بەڵکو لەبەری هەڵدێیت، چونکەبڕوای تەواوم بەم ووتەیە هەیە ئەگەر هەموو وەك یەك بیربکەینەوە، کەواتەئێمەبیرناکەینەوە ئیدی ئازادم چۆن بیردەکەمەوەوەچۆن دەنووسم.



وەك چۆن دەزانم ڕۆژەکانی هەفتە، حەوت ڕۆژە، ئاواش دەزانم ئەمەریکاداگیرکەرە، لەلای من داگیرکەرهەرداگیرکەرە، باخاك داگیربکات یا ڕووبار یان ئاسمان، ئەمەریکاهەمووگیانی بیانۆگرتنەبەم وبەو، لەگەڵ ئەوەی من چۆن دژی بەعس وئیسلامی توندڕەوو وەهەموو هێزە توندڕەوەکانی ترم، ئاواش دژی ئەمەریکام، ئەمەریکایەك کەتاکو ئێستا دەست بەخوێنی گەلانی وەك یابان وڤێتنام وفەنزویلاوکوباوگەلانی ترە سوورە، ئیدی من چۆن بزانم کەئەوکچی چاوشینی خۆی بەقوربانی کوڕی چاوڕەشی ئێمەدەکات، تاوەکو بەبیانۆی بوونی گەلی وڵات بەشیوعی جاڕی مەرگی ئەم وئەوی دەدا، ئێستاش بەبیانۆی هەبوونی چەکی ئەتۆم وئیرهاب ویارمەتیدانیان بەگژئەم وئەو دادێت، وە تەنیا خۆی پی پاکیزەو ڕزگارکەرە، بەعس دڕندەبوو چەپەڵ بوو، کەسیش ناتوانێت نکوڵی لەمە بکات، لی کی یارمەتی بەعسی دەدا بۆ لێدانی ووڵاتان وهاووڵاتیە نەیارەکانی خۆشی؟، زەقترین نموونە کارەساتی هەڵەبجە چۆن ڕوویدا، باشە ئەی ئەوکاتیش ئەمەریکا سەرداری جیهان نەبوو، بۆ نووقەی لێوە نەهات، ئەوانەی ئەمەریکایان پی ڕزگارکەرە بۆ وەبیر خۆیان ناهێننەوە کە بەپێی بڕیارێکی دەزگایەکی وەکو UNکە بڕیارێکی دەرکرد بەوەی ئەمەریکا هێزێکی داگیرکەرە لە عێراق!کەچی ئێمە بەوە هەڵخەڵەتاوین کە ئەمەریکا ڕزگارکەرە، نازانم سەرانی ئەمەریکا چۆن شەرم ناکەن کە خۆیان وەکو ڕزگارکەروفریادڕەس نمایش دەکەن، گەر بۆ مێژووش بگەڕێینەوە ئەوا دەبینین کە هەردەم پاساوی داگیرکەر ئەوە بووە کە ئێمە هاتووین خەڵکی ڕزگاربکەین لەوناخۆشی ومەرگەساتەی کە ڕژێمەکەی خۆتان تووشی کردوون، وە بەڵێنی ئەوەش دەدەن کەئیتر ژیانێکی خۆشمان بۆ فەراهەم بکەن، لی دووایی هەمووی دەبێت بە بلّقی سەرئاو، بەهەرحال من ناڵێم سەدام حسێنی گۆڕ تاریك و دڕندە بەهەشتی بۆ عێراقیەکان چێکردبوو، لی دەبی بزانیین کە ئەو دۆزەخەی سەدام بۆ ئێمەی دروستکردبوو، هێندەی ئەو دۆزەخەی ئەمەریکا ئێستا دروستیکردووە گەرم نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکا ئێمەی لەدەست ئەو دڕندەیە قورتار کرد، لی ئەمەریکا هەر شتێك بێت ڕزگارکەری ئێمە نییە، گەر ئەمەریکا ڕزگار کەرە ئەدی بۆچی کاتێك قسە دێتە سەردواین وادەی جێهێشتنی هێزەکانیان بیانۆی ئەوە دەگرن کە تاوەکو باری ئەمنی فەراهەم نەبێت ئەوە ئێمە ئەم وڵاتە جێناهێڵین، ئاخر ئەوان دەزانن چیان دروستکردووە چونکە ئارمبوونەوەی باری ئەمنی لە عێراق لە خەونێکی مەحاڵ دەچێت، کە دڵنیام تەنیا (مارکیز) ی گەورە ڕۆماننووسی دنیا ئەم خەیاڵە بتوانێت وێنا بکات. نازانم ئەمە چییە وای لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا کردووە، کە هەزاران فەرسەغ ومیل ببڕێت بۆ ئەوەی ئێمە ڕزگار بکات، دڵنیام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 0:30 21-8-2007

بەرژەوەندی خۆی نەبووایە هەرگیز ڕووی لەم مەمللەکەتە بی خاوەنە نەدەکرد، گەر لێرەدا کرۆکی باسەکەم چڕ بکەمەوە ئەوەیە کە بۆچی ئێمەی کورد لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە بگرە هەتا دەگات بە سەرکردکانیشمان وەکو دەروێش وەدو ئەمەریکای شیخ کەوتووین، وەکو عاشق واین کە چەندە عەوداڵە بەدوای مەعشوقەکەی، ئێمەی کورد لە دێرەوە نە دوژمنی خۆمان ناسیوە نە دۆستیش، وەنە لەیەکتریشمان جیاکردوینەتەوە، ئاخر ئەوە نییە کە بە تەواوی خۆمان ڕادەستی کردارەکانی ئەمەریکا کردووە، ڕەنگە وا تێگەیشتبێتین کە باوك وکەس وداکمانە، یا ڕەنکە هزری تاکی کوردو سەرکردایەتیشی تووشی پەتای لەبیر چوو بوونەوە هاتبن، ئاخر تێناگەم بۆ سالآنی 1974و 1991 مان لە بیر چۆتەوە، یەکەم کەس کە درکی بەم ڕاستە کردبێت مەلا موستەفای بارزانی بوو، کەخودی خۆشی ئەم قسەی بە کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمەریکا گووتووە، دڵنیام ئێستا ئەو بماییە قەت جارێکیتر ئەوەندە پشتی خۆی بە ئەمەریکا نەدەبەست، چونکە هەستی بە زللەی بێبەزەییانەی ئەمەریکا کرد بەرانبەر بە کورد، ئاخر ئەمەریکا بوو لەپڕ وای کرد کە شۆڕشی ئەیلول هەرس بێنێت، ئەوە ئەمەریکا بوو کە لە ساڵی 91 دا ڕاپەڕیوانی کوردو شیعەی داوە دەست قەدەری سەدامی دڕندە. نازانم خەبات وسیاسەتی ئێمە بۆچییە، ڕەنگە ئێمەی ساویلکە بەوە هەڵخەڵەتابین کە ئەمەریکا بەرەو ئەو پرۆژانەمان ببات کە خۆمان بەرنامەمان بۆ دانەناوە، تێناگەم گەر ئەمەریکا دۆستمانە بۆ لەگەڵ ڕووخانی سەدام دەوڵەتێکی بۆ ئێمە دروست نەدەکرد، ئایا گرتنی پایتەختی دڕندەترین ڕژێمە دنیا کە بەغداد بوو، بۆ ئەمەریکا بەئاسانی ئەم پایتەختەی پی ڕزگار دەکرێت کەچی ناتوانی دەوڵەتێك بۆ ئێمە چی بکات؟، کە مافێکی ڕەوای خۆشمانە، بریا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرنامەیەکی وردتری دەبوو بۆ ئایندەی کوردستان.

×تێبینی:ئەم ناونیشانەم لە ووتارێکی بیرمەندی عەرەب (فالع عبدالجبار) وەرگرتووە.

- هەولێر
arezhazez@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.